بەشی دووەم :

تەوەرەی یەکەم :            سەردەمی عیلامی کۆن 2750–1500 پ.ز

لەماوەی هەزارەی سێیەمی پێش زاین عیلام بە یەکێك لە بەهێزترین دراوسێکانی وولاتی سۆمەر و ئەکەد دادەنرا، کە زۆر جاران بۆتە مایەی هەڕەشە بۆ سەر وولاتی سۆمەر و ئەکەد و دەستی بەسەر داگرتووە یان بە پێچەوانەوە کەوتوونەتە ژێر رکێفی ئەوانەوە. لە ماوەی سەردەمی عیلامی کۆن ( 2750–1500پ.ز) چەندین دەسەلاتی سیاسی لە عیلام سەریان هەلداوە، کە گرنگترینیان بریتین لە دەسەلاتی بنەمالەی ئاوان (2750–2210پ.ز) ، دەسەلاتی بەنەمالەی سیماشکی (2030–1900پ.ز) دەسەلاتی بنەمالەی سوککال– ماخ (1850–1500پ.ز)[1].

لە ماوەی هەزارەی سێییەمی پێش زاین زانیاری و دەستنووسە کۆنەکانی پەیوەست بە مێژووی جوگرافی و شارەکۆنەکانی عیلام لەئێران زۆر بە کەمی بەردەستن و بە هەاژری ئەبینریت، بەڵام لە دەقە مێخییە سۆمەری و ئەکەدییەکان دەربارەی شارە عیلامییەکان زانیارییەکی زۆرمان بۆ هاتووە، ئەمەش وەك لە تێکستە مێخییەکانی نووسینە شاهانەییەکانی سۆمەری و ئەکەدییەکان ،تێکستە مێخییەکانی تایبەت بە لیستی جوگرافی شارە کۆنەکان ، ئەرشیفی نامەکان ، تێکستەکانی تایبەت بە نووسراوە ئەدەبییەکان ، کە زۆر جار زانیاری زۆر ووردو گرنگیان داوە بەدەست سەبارەت بە وولاتی ئیلام بە گشتی.[2]

---

[1] راشد، اديب أنيس : عيلام " الأهواز " ارض الصراعات منذ فجر التاريخ حتى دخول البويهيين الى بغداد سنة 334هـ/ 946م ، ط1، بيروت، 2017، ص116.

[2] Potts, T.: Mesopotamia and the East an Archaeological and Historical study of Forign relations 3400-2000B.C, Oxford, 1994, p.9

لەبەر رۆشنایی ئەم زانیارییانەی سەرەوە، بۆ دەستخستنی زانیاری و تیشك خستنە سەر مێژووی كۆنی وولاتی ئیلام پێویستە پشت بە تێكستە مێخییەكانی سۆمەری و ئەكەدییەكان ببەستین.

هەروەك پێشتر ئاماژەمان بۆ كردووە مێژووی كۆنی ئیلام كاریگەری دابەشبوونی جوگرافیی لەسەر هەبووە، هەر لەبەر ئەمەشە دابەش ئەبێت بۆ دوو ناوچەی سیاسی و ئاینی ، كە ناوچەی یەكەمیان پێی دەڵێن سووسە یان شووش – Susa، كە زیاتر دەشتاییەكانی ئیلام پێكدەهێنیت ، بەڵام ناوچەی دووەم بە ئەنزان یان ئەنشان – Anšan ناسراوە كە ناوچەی بەرزایی و شاخاوییەكانی زاگرۆسی دەگرتەوە.[1]

هەرچەندە ئیلام وەك ناوێكی گشتگیر بەكارهاتووە كە ، لەرووی ئاینی و سیاسییەوە دابەشبووە بۆ دوو دەسەلاتی ناوچەیی سووسە ( دەشتایی) و ئەنشان ( چیایی) ، بەلام ئەمە مانای ئەوە نیە كە دەسەلاتی بنەمالەی و فەرمانرەوایی لە شارەكان لە سەردەمە جیاوازەكان بوونیان نەبووە، زانیاری ناو دەقە مێخییەكان ئاماژە بە چەندین دەسەلاتی جیۆپۆلیتیكی یان بنەمالەی دەسەلاتداری یەكێك لە شارە ئیلامییەكان كە توانیویانە لە قۆناغێك لە قۆناغەكان دەسەلاتی خۆیان فراوان بكەن و گشت ناوچەكانی ئیلامیان خستۆتە ژێر ركێفی خۆیانەوە، ئەمەش لە ئەنجامدا دەسەلاتی جیۆپۆلیتیكی نوێ سەریهەلداوە كە دەقە مێخییەكان زۆر بە روونی ئاماژەی پێدەكە ن لە نموونەی ئەمانەش دەسەلاتەكانی بنەمالەی ئاوان ، بەمالەی خەمازی ن بنەمالەی سیماشكی ، بنەمالەی سوككال– ماخ ...هتد[2].

[1] – Alvarez- Mon, J.: ‘the elamite civilazation’ from Ancient History Vol.46, Maquire university 2016, p.2

[2] Vallat, F.: Suse et 1’Elam, Recherche sur les grandes civilizations, Memoire 1, Paris, 1980, p.3.

تەوەرەی یەکەم ://  مەملەکەتی ئاوان (2750–2210پ.ز):


شاری ئاوان کە پایتەختی مەملەکەتی ئاوان بووە لە ماوەی نیوەی یەکەمی هەزارەی سێهەمی پێش زاین لە وولاتی ئیلام کە تا ئێستا پاشماوەکەی نەدۆزراوەتەوە، نەدۆزینەوەی شوێنەواری ئەم کۆنە شارە بۆتە هۆی ئەوەی توێژەران و پیسپۆرانی بواری زمانە کۆنەکان و شوێنەوارناسەکان لێکدانەوەو و رای جیاوازیان هەبێت لەسەر شوێنی راستەقینەی ئەم کۆنە شارە.

هەندێك لە توێژەران پێیان وایە ئەم شارە دەکەوێتە بەرزاییەکانی باکوری ڕۆژهەلاتی چیای زاگرۆس[1]، بەلام هەندێکیتر پێیان وایە شاری ئاوان نزیك بووە لە شاری سووسە و تەنها رووباری دێز لێکی جیاکردوونەتەوە[2]. گرنگترین ئەو بەڵگانەی کە پالپشتی ئەم بۆچوونە دەکەن بریتیە لە رووداوی سالی 14ی سالنامەی پاشا ئیبی – سین /ibbi-suen کە تیایدا ئاماژەی بە داگیرکردنی شارەکانی سووسە ، ئەدەمدون (ئەدەم شاخ) ، ئاوان، یەك لەدوای یەك کردووە.

رووداوی سالی 14 لە سالنامەی پاشا ئیبی –سین کە تیایدا هاتووە :

[1] قنبري، ليلا : تاريخ ايران باستان ( فرهنگ و تمدن ايلام) ن دانشگاه ازاد اسلامی، تابسا 1391، ص41.

[2] RIME, Vol.1, p.37




**mu $^{d}$i-bi$_{2}$-$^{d}$suen**
**lugal uri$_{2}^{ki}$-ma-ke$_{4}$**
**šušan$^{ki}$**
**a-dam-dun$^{ki}$**
**ma-da a-wa-an$^{ki}$-ka**
**u$_{4}$-gin$_{7}$ ra bi2-in-gi$_{4}$**
**u$_{4}$ 1(diš)-a mu-un-gur$_{2}$**
**u3 en-bi lu$_{2}$-a**
**mi-ni-in-dab$_{5}$-ba-a**

( ئەو ساڵەی پاشا ئیبی –سین پاشای ئور ، شارەکانی سووسە و ئەدەمدون و ئاوان، لە تەنها ڕۆژێکدا وەك ڕەشەبا دەستی بەسەرداگرتن و فەرمانڕەوای گەڵەکەشیان خستە ژێر ڕکێفی خۆیەوە)[1].

سەرەرای ئەمەش سێ دانە تێکستی مێخی شاهانەیی دۆزراونەتەوە کە بۆ پاشا (ریمۆش–Rimuš)ی ئەکەدی دەگەڕێتەوە[2]. هەرسێ تێکست ئاماژە بۆ شەڕێکی پاشا ریمۆش لەگەڵ ئیلامییەکان دەکات کە لە نزیك

[1] LEGRAIN, L.: Business Document of the Third Dynasty of Ur, London,1974, UET 3, No.892
[2] FRAYNE, D. . Sargonic and Gutian period , London,1993, RIME 2, pp.51-58

رووباری قابلیتوم– Qablitum[1] روویداوه، ئەم رووبارەش لە نێوان شارەكانی سووسە و ئاوان دا تێپەریوە، تێكستە ئەكەدییەكە زۆر بە ووردی باسی لە ناوچەی شەرەكە كردووە، هەر لەسەر بنەمای زانیارییەكانی ناو تێكستەكە بۆمان دەردەكەوێت كە ئاوان زۆر دوور نەبووە لە سووسە. هەر لەسەر ئەو بنەمایە بەڵگەكان ئاماژە بۆ ئەوە ئەكەن كە پاشماوەی شاری ئاوان دەكەوێتە دەوروبەری شاری دێزفوولی ئەمرۆ بەمەرجێك زۆر دوورنەبێت لە سووسە.[2]

هەروەها دكتۆر (سامی سعید الاحمد ) پێی وایە شاری ئاوان دەكەویتە بەشی باكوری رۆژهەلاتی سووسە نزیك دیزفول[3].

لە لایەكیترەوە پرۆفیسۆر (ئەڵڤارێز مون Alvarez-mon )دەڵێت هەرچەندە پاشاكانی مەملەكەتی ئاوان ناوی ئیلامیان هەبووە و كارگەری ئیلامیان بە ئاشكرا پێوە دیاربووە بەلام شارەكە نزیك بووە لە مەلبەندەكانی شارستانیەتی سۆمەری بە دیوی سنووری زاگرۆسەوە لە ئێران[4]. ئەم توێژەرە پێی وایە پاشماوەی مەملەكەتی ئاوان دەكەوێتەوە ناوچەی لورستانی كورد نشینەوە[5].

ڤالات – Vallat پێی وایە مەملەكەتی ئاوان زۆر فراوان بووە و كە ناوچەكانی لورستان ، كرماشان ، كوردستان ، هەمەدان درێژبۆتەوە تا گەیشتووتە ناوچەكانی سیالك و وە رەنگە فراوانتریش بووبێت بە ئاراستەی باكورییەوە[6]. . بروانە نەخشەی –1–

---

[1] رووباري قابليتوم–Qablitum : ئەم رووبارە كە لە نووسینە مێخییە شاهانەییەكانی پاشا ریمۆش ناوی هاتووە بریتیە لە رووباری (دێز)ی ئەمرۆ، بۆ زانیاری زیاتر بروانە :

Hansman, J.: Charax and the Karkheh, Iranica antiqua, Vol.7, p.32


[2] - FRAYNE, D. (1998). Presargonic period , London,1998, RIME, Vol. 1, p.37

[3] سامی سعيد الأحمد: المدخل الى تاريخ العالم القديم ( العراق حتى العصر الأكدي ) ، ج1 ، بغداد ، 1978 ، ص 254 .

[4] Alvarez- Mon, J.:Elamite Civilazation , from “ ancient History”, Vol.64, maquire university,2017, p.5.

[5] Alvarez- Mon, J.: “Elam: Iran’s First empire” in Archaeology of Ancient Near East, USA:2012, Vol.1, p.744

[6] Vallat, F., RGTC 11, Wiesbaden, 1993, p. CXXII f.





نەخشەی-1-

دیاریکردنی شوێنی مەملەکەتی ئاوان بە پێی بۆچوونەکانی پرۆفیسۆر (ئەلڤاریز مون Alvarez-mon )و (ڤالات – Vallat)[1]

[1] Potts, T.: Op.Cit, 1994, p.11

سەبارەت بە شێوازی هاتنی ناوی ئاوان لە نووسینە مێخییەکاندا، تێبینی دەکەین کە ناوی ئەم مەملەکەتە تەنها بەیەك شێواز هاتووە وەك لە خوارەوە هاتووە[1] :



a-wa-an$^{ki}$ شاری ئاوان

زۆر جار شاری ئاوان هاوشانی شاری ئاوال – A-wa-al$^{ki}$ )ناوی هاتووە لە تێکستە مێخییەکاندا کە رەنگە نزیکی یەك بن یان هەردووکیان سەر بە یەك خێزانی زمانەوانی بن.[2] هەرچەندە ئاوال وەك مەملەکەتیکی گرنگ بوونی هەبووە لە ناوچەکانی حەوزی حەمرین لە دیالە لە سەردەمی بەرەبەیانی بنەماڵە سۆمەرییەکان و ئیستاش پاشماوەکەی بە گردی سەلیمە ( تل سلیمە) ناسراوە.[3]

مەملەکەتی ئاوان بە کۆنترین مەملەکەت دادەنریت کە رۆلێکی گرنگی سیاسی هەبێت لە مێژووی کۆنی وولاتی ئیلام لە هەزارەی سێیەمی پێش زاین [4].

---

[1] MDP,Vol. 10, no.9:5

[2] Ebeling, E. and Meissnerm B.: Realliexikon der Assyriologie, RLA, Vol.1, Leipzig:1932, p.324

[3] فوزي رشيد: اقدم الكتابات المسمارية المكتشفة في حوض حمرين، بغداد،1981 ، ص 10

[4] Nasrabadi, B. M.: Elam: Archeology and History, Bochum: 2004, p.295.

له راستیدا بەڵگەو پاشماوە شوێنەوارییەکان لە ناوچەی ئیلام بە تایبەتی لە کۆنە شاری سووسە بۆ سەردەمانیکی زۆر کۆنتر دەگەڕێنەوە ، کە خۆی لە هەزارەی چوارەمی پێش زاین دەدات، بەلام کۆنترین دەقی نووسراو کە تیایدا ئاماژە بۆ بوونی مەملەکەتێکی بەهێز بکات لە ناوچەکە بۆ دەوروبەری 2700پ.ز دەگەڕێتەوە کە ئەویش مەملەکەتی ئاوانە[1].

بەهێزترین بەلگەی نووسراویش بریتیە لە نووسینە مێخییەکانی سۆمەرییەکان کە ئاماژەیان بۆ گواستنەوەی دەسەلاتی پاشایەتی کردووە لەنێوان شارەکان کە بە (لیستی پاشایانی سۆمەری – Sumerian King List ) ناسراوە[2]. بەپێی زانیارییەکانی ناو ئەم تێکستە بێت پاشایەتی لە دوای تۆفان بۆ یەکەمجار لە شاری کیش دابەزی دواتر پاشای کیش ناسراوە بە ( ئین می باراگیسی – En mebaragisi ) بەیەکەمین پاشادادەنرێت کە هێرشی کردۆتە سەر ئیلام و دەستی بەسەر داگرتووە[3]، دواتر پاشایەتی لە شاری کیش گواستراوەتەوە بۆ شاری وەرکاء، پاشان لە وەرکاء گواستراوەتەوە بۆ شاری ئور ، بنەماڵەی یەکەمی ئور لە دەوروبەری 2500پ.ز لەسەردەمی دواین پاشاکەی بەناوی میس–ئاننی –پادا کۆتایی دیت و دەسەلات لە شاری ئور گواستراوەتەوە بۆ ئاوان–Awan ، کە بەیەکەمین دەسەلاتی سیاسی دەرەکی دادەنرێت، کە لە لیستی پاشایانی سۆمەری دانی پیادانرابێت[4]. پاشان لە ئاوان دەسەلاتی پاشایەتی جارێکیتر گەڕێنراوەتەوە بۆ شاری کیش. دواتر پاشایەتی لە شاری کیش جاریکیتر بە زەبری هێز گواستراوەتەوە بۆ خەمازی ، کە ئەمەشیان

---

[1] Elizabith, C. : Elam: surveys of political history and archaeology. (University of California publications. Near Eastern studies; v. 25), p.115

[2] Jacobsen, T.: The Sumerian King List, Assyriological Studies, Chicago:1939, p.83-97.

[3] صموئيل نوح كريمر : السومريون، ترجمة ، فيصل الوائلي ، الكويت، 1973، ص474

[4] Stolper, M.W.: Awan , from Encyclopaedia Iranica, vol..3, 1989 , p.113-114

بە دووەم دەسەڵاتی سیاسی عیلامی دادەنریت کە پاشایەتی تیاکرابێت، پاشان جاریکیتر گواستراوەتەوە بۆ شاری وەرکای سۆمەری ، کە لەلایەن بنەماڵەی دووەمی وەرکا فەرمانرەوایی کراوە[1].

لە راستیدا دەرکەوتنی ناوی ئاوان بە جیا لە ئیلام لە نووسراوە مێخییە سۆمەرییەکان لەم قۆناغە زووەی مێژوودا گرنگی خۆی هەیە، کە وەك دوو دەسەڵاتی سیاسی یان مەملەکەتی جیاواز خراونەتەروو ، ئەمەش بەیەکەم ئیشارەت دادەنریت بۆ جیاکردنەوەی دەسەلاتە سیاسییەکانی وولاتی ئیلام.

تێکستە مێخییەکان تاکە سەرچاوەی نووسراون کە زانیاری دەربارەی رووداوە سیاسی و مێژووییەکانی مەملەکەتی ئاوان خستۆتە بەردەست، هەر لە رێی ئەو تێکستە مێخیانەوە بوو کە بۆمان دەرکەوتوو لە ئاوان دوو بنەماڵەی پاشایەتی فەرمانرەواییان کردووە ، بەلام لە دوو سەردەمی جیاوازدا.

بنەماڵەی یەکەمی پاشایەتی ئاوان ناوی هیچ کام لە پاشاکانیان نازانرێت ، یان بەلایەنی کەمەوە تا ئێستا بۆ ئێمە نەزانراوە تەنها ئەوە نەبێت کە زانیاریمان هەیە کە پاشایەتی لە شاری ئور بە زەبری هێز گواستراوەتەوە بۆ شاری ئاوان، ئەم زانیارییەش لە لیستی پاشایانی سۆمەری هاتووە، کە تیایدا هاتووە پاشایەتی مەملەکەتی ئاوان بۆ ماوەی 356 سال ماوەتەوە، لەو ماوەیەش تەنها سێ پاشا فەرمانرەواییان کردووە، کە ناوەکانیان نەزانراوە، ئەمەش چونکە ناوی هەرسێکیان لە تێکستەکە شکاوە[2]. تەنها پاشای سێهەمیان نەبیت کە سەرەتای ناوەکەی ماوەکە بە (کول – ku-ul) دەستپێدەکات و تەنها بۆ ماوەی 36 سال فەرمانرەوایەتی کردووە[3].

[1] Kramer, S. N.: Sumerians, Their History , culture and Character, Chicago:1963, p.50-51
[2] Jacobsen, T.: Op.Cit, p.94-95.
[3] Ahmed, K.: the beginnings of Ancient Kurdistan (2500-1500 B.C), Leiden 2012, p.61

پرۆفیسۆر ( لانگدۆن – Langdon )پێی وایە ئەم سێ پاشایە تەنها 100 ساڵ فەرمانرەوایەتیان کردووە لە مەملەکەتی ئاوان و پاشان جارێکیتر پاشایەتی گواستراوەتەوە بۆ کیش[1].

هەندێك توێژینەوە ناوی ( کوریشیاك – kurišiak) بە دامەزرێنەری بنەماڵەی یەکەمی ئاوان دادەنێت، بانگەشەی ئەوەش دەکەن کە ئەم ناوە لە لیستی پاشایەتی سۆمەری داهاتووە بەڵام دوای گەڕان و بەدواداچوونمان لە سەرچاوە رەسەنەکان و نووسینە مێخییەکان هیچ ناوێکی لەم جۆرە بوونی نەبووە و دوورە لە راستیەوە[2].

سەبارەت بنەماڵەی یەکەمی پاشایەتی لە ئاوان زانیاری زۆر کەم لەبەردەست دایە، کە هیچ یارمەتیدەر نیە بۆ ئەوەی ناوی پاشاکان و کارهو کردەوە سەربازییەکانیان بزانین، تەنها ئەوەی زانراوە بریتیە لەوەی بنەماڵەی یەکەمی ئاوان لە ماوەی سەردەمی یەکەمی بەرەبەیانی بنەماڵەکان سۆمەرییەکان بۆ سەردەمی سێیەمی بەرەبەیانی بنەماڵە سۆمەرییەکان ( Early Dynastic I-III) بوونی هەبووە[3].

**بنەماڵەی دووەمی ئاوان 2500–2250پ.ز**

بەیەکێك لە گرنگترین دەسەلاتە سیاسییەکان دادەنرێت لە ئیلام ، لە ماوەی نیوەی دووەمی هەزارەی سێیەمی پێش زاین، ئەگەرچی زانیارییەکان پەیوەست بەم مەملەکەتە بە پچڕپچڕی هاتووە ن بەلام بە بەراوورد بە بنەماڵەی یەکەمی ئاوان زۆر زیاترە و توانراوە تا راددەیەکی باش زانیاری دەربارەی رووداوە مێژووییەکانی مەملەکەتی ئاوان لەبەر رۆشنایی تێکستە مێخییەکانی پاشایانی سۆمەری و ئەکەدی دەست بخەین.

---

1 Langdon, S.: the Early chronology of Sumer and E-gypt and similarities in their culture, Journal of Egyptian of Archaeology, vol.7, No.3/4, USA:1921, p.135.

2 سعاد عبدالجبار على : العيلاميون تاريخهم الحضاري والسياسي، رسالة ماجستير غير منشورة ، جامعة واسط ، 2019، ص237–238.

3 Breton, L.E.: the Early Period at Susa, Mesopotamian Relations, Iraq, Vol.19, No.2, London,1957, P.114

یەکێك لە گرنگترین ئەو تێکستانەی کە لە سووسە دۆزراوەتەوە کە پێدەچێت تێکستەکە مێژووەکەی بۆ سەردەمی بابلی کۆن ( سەرەتای هەزارەی دووەمی پێش زاین) بگەرێتەوە[1].

لەم تێکستەدا ناوی 12 کەس هاتوە کە وەك پاشای ئاوان ناوزەندکراون ، کۆنیگ – Konig بەکەمەین تویژەر دادەنریت کەناوی 12 پاشاکەی خویندیتەوە ئەویش بەم جۆرەی خوارەوە[2] :

| | |
|---|---|
| 1. Pi-e?-[l]i? | 1- پیلی |
| 2. Ta-a-[a]r? | 2- تار |
| 3. Uk-ku-ta-ḫi-eš | 3- ئوك,کوتاخیش |
| 4. Ḫi-i-qat-taš(-šu-ur) | 4- خیقات تاشور |
| 5. Šu-šu-un-ta-ra-na | 5- شوشونتارانا |
| 6. [N]a?-pi-il-ḫu-uš | 6- ناپیلخوش |
| 7. Ki-ik-ku-si-me-te-im-ti | 7- کیککو سیمی تیمتی |
| 8. Lu-uḫ-ḫi-iš-šà-an | 8- لوخیششان |
| 9. Ḫi-še-ip-ra-te-ip | 9- خیشیب راتیب |
| 10. Ḫi-e?-lu? | 10-خیلو |
| 11. Ḫi-ta-a | 11-خیتا |
| 12. MAN dNINNI.ERIN | 12- پۆزۆر–ئینشوشیناك |
| 13. 12 LUGAL MEŠ šà A-wa-an K[I] | 13- دوازدە پاشاکانی مەملەکەتی ئاوان |

---

[1] لە سەردەمی بابلی کۆن نووسەرەکان هەڵمەتێکی زۆر گرنگی دەست پێکرد کە بریتی بوو لە کۆپیکردنەوەی ئەو تێکستانەی کە بۆ سەردەمەکانی زۆر کۆنتر و پێش خۆیان دەگەرێتەوە ، ئەوەش بۆ ئێمەی توێژەر سوود و قازانجێکی زۆری هەبووە ، هەندێك جار تێکستێکی کۆن دۆزراوەتەوە کە مێژووەکەی بۆ هەزارەی سێیەم دەگەرێتەوە باس لە رووداوێك ئەکات بە هەمان شێوە تێکستێکی تر دۆزراوەتەوە کە مێژووەکەی بۆ هەزارەی دووەم دەگەرێتەوە بەڵام باسی هەمان رووداو ئەکات. لە کۆمەڵگای کۆنی وولاتی دوو رووبار کەسان و نووسەری تایبەتی هەبوون کە پیشەیان بریتی بوو لە کاری لەبەرگرتنەوە یان کۆپیکردنەوەی تێکستەکان کە ناوبانگیان بە ( نووسەری لەبەرگرتنەوە ) دەرکردبوو کە لە زمانی سۆمەری بە .DUB. SAR. GEŠTU$_2$) (SU بۆ زانیاری زیاتر بگەرێوە بۆ :

عامر عبدالله الجمیلی : الکاتب فی بلاد الرافدین القدیمە، دمشق،2005، ص97

[2] König, FW. : Die Elamischen Königsinschriften. Osnabrück, Biblio Verlag: 1977, p.1

بەڵام گلاسنەر Galssner دواتر لە سالي 1996 ناوی 12 پاشاکەی مەملەکەتی ئاوانی بەم شیوەیە خویندۆتەوە[1] :


1- پیلی / ویتی
2- تاری
3- ئوککوتاخیش
4- خیشور
5- شوشونتارانا
6- ناپیلخوش
7- کیکوتان تەمتی
8- لوخیششان
9- خیشیب راتیب
10-خیلو
11-خیتا
12- پۆزۆر-ئینشوشیناك
13 – دوازدە پاشاکانی مەملەکەتی ئاوان

P/We-e-te/li?
Ta-a-ri
Uk-ku-ta-ḫe-eš
Ḫi-i-šu-ur
Šu-šu-un-ta-ra-na
Na?-pi-il-ḫu-uš
Ki-ik-ku-tan-te-em-ti
Lu-uḫ-ḫi-iš-ša$_3$-an
Ḫi-še-ep-ra-te-ep
Ḫe-e?-lu?

Ḫi-ta-a
MAN.$^{d}$MUŠ$_3$.ERIN (PuzurInšušinak)
12 LUGAL.MEŠ ša$_3$ A-wa-an$^{k[i]}$

---

1 Glassner, . J.: Les Dynasties D'awan Et De Shimashki. Un Document De Suse." Nouvelles Assyriologiques Brèves et Utilitaires(1): 25-28., Germany :1996, p.



وێنەی -1-

کۆپی ئەو تێکستە مێخییەی باس لە 12 پاشاکەی مەملەکەتی ئاوان دەکات[1].

ئەمەش بە یەکەمین بەڵگە دادەنرێت کە ناوی پاشایانی مەملەکەتی ئاوانی تیا هاتبێت لەناوەوەی وولاتی ئیلام ، هەروەك هیچ زانیارییەکی ئەوتۆمان نیە لەسەر حەوت پاشای یەکەمی ئەو زنجیرە پاشایە[2]، بەلام ناوی پاشای هەشتەم ( لوخیشان) و نۆیەم ( خیشیپ راتیب) لە نوسینێکی تری مێخی پاشا سەرجۆنی ئەکەی هاتووە[3]. هەر لەسەر ئەو بنەمایەش زۆربەی پسپۆران وای بۆ دەچن کە ئەو حەوت پاشای یەکەمی مەملەکەتی ئاوان لەپێش سەردەمی ئەکەدی فەرمانرەواییان کردووە[4].

[1] Potts, T.: Archaeology of Elam, p.144

[2] حمید رضا قشقایی : گاهنمای تاریخ ایران ، ایلامیان، تهران 1390هەتاوی، لا12.

[3] FRAYNE, D. . Sargonic and Gutian period , London,1993, RIME 2, p23.

[4] FRAYNE, D. . Presargonic period , London,1998 , RIME 1, pp.38-39

پاشا پیلی – peli پالپشت بەو تێکستەی کە لە سووسە دۆزراوەتەوە بە دامەزرێنەری بنەماڵەی دووەمی ئاوان دادەنرێت[1]، کە لەماوەی سەردەمی بەرەبەیانی سێیەمی سۆمەری (Third Early dynastic period) یان بەلایەنی کەم پێش هاتنی سەرجۆنی ئەکەدی فەرمانرەوایەیتی ئاوانی کردووە[2].

لەدوای پیلی تا پاشای حەوتەم بەپێی ریزبەندی ناوەکانیان بێت هیچ زانیارییەك یان کارێکی ئەم پاشایانە لەبواری سیاسی یان کارگێری و ئاوەدانکردنەوە بێت بەدەستمان نەگەیشتووە[3]، سەرەرای ئەوەش توێژەران و پسپۆرانی بواری زمانە کۆنەکان دلنیانین کە ریزبەندی ئەو پاشایانە تەواو بێت لە زنجیرە پاشایانی مەملەکەتی ئاوان و بەتەواوەتی یەك لەدوای یەك فەرمانرەواییان کردووە ، یان لەرووی پەیوەندی خێزانی و خزمایەتییەوە چی یەکتر بوونە ن بەلام بەلایەنی کەمەوە ئەوە زانراوە کە ئەو 12 ناوە هەر هەموویان بە پاشای ئاوان ناوزەند کراون.

ئەوەی زۆر جێی دلخۆشییە نووسینێکی مێخی بە زمانی ئەکەدی نووسراوە لە دورگەی لیان ( بوشەهر) دۆزراوەتەوە کە بۆ پاشای مەملەکەتی ئاوان (کوکوسیوە–تەمتی ) دۆزراوەتەوە، بەلام زانیاری تەواومان دەست نەکەوتووە لەسەر ناوەرۆکی نووسینەکە[4].

ئەوەی بەتەواوەتی لێی دلنیاین لەکاتی هاتنی سەرجۆنی ئەکەدی بۆ دەسەلات، مەملەکەتی ئاوان بەتەواوەی ئیلام و مارخاشی خستبووە ژێر رکێفی خۆیەوە[5].

کە لە نووسینە مێخییەکانی پاشا سەرجۆنی ئەکەدی هاتووە کاتێك باس لە هەلمەتی سەربازی بۆ سەر ئیلام دەکاتن ئیشارەت بە ناوی چەندین حاکم و دەسەلاتدار دەدات لەنێوانیاندا ناوی لوخیشان کوری

---

[1] Scheil, RA, Vol.20, 1931, p.2

[2] FRAYNE, D. . Presargonic period , London,1998 , RIME 1, p. 38

[3] Cameron , G. G. : History of early Iran , Chicago, 1936, p.26.

[4] حمید رضا قشقایی : گاهنمای تاریخ ایران ، ایلامیان، ص13

[5] Cifuentes, E. Q.: Historia de Elam, El Vecino Mesopotamico, Murcia, 1997, P.20

خیشیب–راشینی پاشای ئیلام هاتووه ، ئەمەش بریتیە لە هەمان ناوی هەشتەم و نۆیەمی لیستەکەی سوسە بەلام ئەوەی پێچەوانەیە لەگەل لیستەکەی سووسە ئەوەیە کە ناوەکەیان پاش و پێش کراوە واتە بە پێی لیستەکەی سووسە بێت لوخیشان باوکی خشیب –راتبە بەلام بەپێی نووسینەکەی سەرجۆنی ئەکەدی بێت کە زانیارییەکانی ناوی زۆر زیاترە و نزیکە لە راستی لوخیشان کوڕی خیشیب راتبە و لەدوای باوکی هاتوەتە سەردەسەلات[1] .

تێکستە مێخییەکەی سەرجۆنی ئەکەدی بەلایەنی کەم ئەو راتسیەی تیا هاتوە کە باس لە ناوی دوو پاشای مەملەکەتی ئاوان بکات و وەك پاشای وولاتی ئیلام بیانناسینیت. کە ئەتوانین دەقی خوێندنەوەی تێکستە مێخیەکە بە زمانی ئەکەدی و مانا کوردییەکەی لەخوارەوە بخەینە بەردەست :

| | |
|---|---|
| Šar-ru-gi | شەرۆکین ( سەرجۆن ) |
| - lugal | پاشای |
| _kiš, | _جیهان |
| _sag-gesz-ra_ | داگیرکەری |
| elam$^{ki}$ | ئیلام |
| u3 | و |
| pa$_2$-ra-aḫ-šum$^{ki}$ | پاراخشوم |
| ša _dub su$_4$-a u-sa-sa$_3$-ku-ni | ئەوەی ئەم نووسینە رەش دەکاتەوە |

[1] - Scheil, RA, Vol.20, 1931, p.2, line 8-9

| | |
|---|---|
| $^{d}$en-lil$_2$ | خواوەند ئینلیل |
| $^{d}$utu | خواوەند ئوتو / شەمەش ( خواوەندی خۆر ) |
| u3 | وە |
| $^{d}$ inanna | خواوەند انانا ( عەشتار ) |
| suḫuš_-šu | بنەچەکەی |
| li-su$_2$-ḫa | ریشەکیش بکات |
| u3 | وە |
| _še-numun_-šu | تۆوەکەی ( نەوەکەی ) |
| li-il-qu$_3$-ta$_2$ | لەناو ببات |
| | |
| NIM$^{ki}$ | ئیلام |
| x […] | ............ (شکاوە) |
| […] | .............(شکاوە) |
| | |
| nig$_2$-LA+IB | بەتالانبردنی |
| URU×A$^{ki}$ | شاری ئاراوا |
| sa-NAM-si-mu-ut | سەنام –شیموت |
| _ensi2 | حاکمی (پارێزگاری) |
| NIM$^{ki}$ | ئیلام |

| | |
|---|---|
| lu-uḫ-iš-an | لوخیشان |
| dumu  ši-ši-ib-ra-ši-ni | کوری خیشیب–راشینی |
| _lugal | پاشای |
| NIM$^{ki}$ | ئیلام |
| nig$_2$-LA+IB IB | بەتالانبردنی |
| sa-li-a-mu$^{ki}$ | شاری سالیەمو |
| nig$_2$-LA+IB IB | بەتالانبردنی |
| kar$_3$-de$_3$-de$_3$$^{ki}$ | شاری کاردیدی |
| ul-ul | ئول–ئول |
| Šagina  (GIR$_3$-NITA$_2$) | فەرماندەی |
| pa$_2$-ra-aḫ-šum$^{ki}$ | شاری پاراخشوم |
| da-gu | داگو |
| _šeš lugal | برای پاشای |
| pa$_2$-ra-aḫ-šum$^{ki}$ | شاری پاراخشوم |
| nig$_2$-LA+IB IB | بەتالانبردنی |
| ḫe$_2$-ni$^{ki}$ | شاری خینی |
| nig$_2$-LA+IB IB | بەتالانبردنی |
| bu-un-ba-an$^{ki}$ | شاریبوونبان |
| zi-na | زینە |

| | |
|---|---|
| ensi$_2$ | حاکمی |
| ḫu-zi-x-x$^{ki}$ | شاری خوزی .... |
| ḫi-da-ri2-da-x | خیدەریدا... |
| ensi$_2$ | حاکمی |
| gu-ni-la-ḫa$^{ki}$ | شاری گونیلاخا |
| nig$_2$-LA+IB IB | بەتالانبردنی |
| | |
| sa-bum$^{ki}$ | شاری سابوم |
| ) nig$_2$-LA+IB IB | بەتالانبردنی |
| a-wa-an$^{ki}$ | شاری ئاوان |
| si-id-ga-u3 | سیدگائو |
| Šagina (GIR$_3$-NITA$_2$) | فەرماندەی |
| pa$_2$-ra-aḫ-šum$^{ki}$ | شاری پاراخشوم |
| kun$_3$-du-pum | کوندوپوم |
| di-ku$_5$ | دادوەری |
| pa$_2$-ra-aḫ-šum$^{ki}$ | شاری پاراخشوم |
| nig$_2$-LA+IB IB | بەتالانبردنی |
| šu-ši-im$^{ki}$ | لە شاری شوش ( سوسە) |

لەبەر رۆشنایی زانیارییەکانی ناو ئەو نووسینە میخییەی سەرجۆنی ئەکەدی بۆمان دەردەکەوێت کە سرجۆنی ئەکەدی توانیویەتی تەواوی کەسایەتی و سەرکردە و پاشای دەسەلاتە سیاسی و ئاینی و یاساییەکانی ناو وولاتی ئیلام دەست گیر بکات و وەك دەستکەوت رایان بگوازیتەوە بۆ ئەکەد[1].

ئەوەی جێگەی سەرنجە سەرجۆنی ئەکەدی لوخیشانی کوری خشیب راشینی وەك پاشا و دەسەلاتی بالای ئیلام ناساندووە بەڵام لە تیکیستەکەی سووسە کە پشتر ئاماژەمان بۆ کردووە وەك پاشای هەشتەم و نۆیەمی ئاوان دەست نیشان کراون ، لیرەدا ئەوەمان بۆ روون دەبیتەوە نووسینەکەی سەرجۆن لەرووی جوگرافیەوە ئاماژەی بۆ کردوون بەلام نووسینەکەی سووسە لە رووی دەسەلاتی سیاسیەوە ئاماژەی بۆ کردووە.

ئەمە جگە لەوەی ناوی نووسینە میخییەکەی سەرجۆن زانیاری ووردی تیاداهاتووە لەوانە ناوی هەندیك شار و کەسایەتی ئیلامی کە پێشتر نەناسراو ببون لەوانەش ، سەنەم–شیموت پاریزگاری ئیلام ، داگۆ ناوی برای پاشای پاراخشۆم ، زینە حاکمی شاری خوزی... ، خیدەریدا حاکمی شاری گونیلاخا ، سیدگائو جەنەرالی شاری پاراخشوم ، کوندوپوم دادوەری شاری پاراخشوم .

ئەمە جگە لەوەی ئاماژە بە دەتالانکردن و بردنی سەروەت و سامان و مالو مولکی شارەکان و کەسایەتیەکان ئەکات لە گرنگترین ئەو شارانەی کە سەرجۆنی بەتالانی بردووە بریتیە لە شاری ئاوان کە بابەتی سەرەکی ئەم تەوەرەی تویژینەوەکەمانە.

لە کۆپیەکی تری نووسینە مێخییەکەی سەرجۆنی ئەکەدی زانیاری زیاتر خراوەتەروو و باس لەوە دەکات کە هەموو ئەو کەسایەتیانەی لەسەرەوە ناویان هاتووە بەدیل گرتووە لەگەل برێکی زۆر لە دار....(

---

[1] – FRAYNE, D. . Sargonic and Gutian period , London,1993, RIME 2, pp.23-24

تیكیستەكە شكاوە) و گواستوونیەتەوە بۆ شاری ئەكەد[1] ، ئەم سەركەوتنەشی بە ناوی یەكێك لە سالنامەكانی

خۆی كردووە  هەروەك لە خوارەوە دەیخەینە روو :

mu šar-um-gi-$ne_2$ URUxA.KI mu-ḫul-a

ئەو سالەی شەرۆكین( سەرجۆن ) شاری ئاراوەی كاولكرد

mu šar-um-gi-$ne_2$ elam$^{ki}$ mu-ḫul-a

ئەو سالەی پاشا شەررۆ–كین ( سەرجۆن ) ئیلامی كاولكرد[2]

شاری ئاراوەش بەیەكێك لە مەلبەندە گرنگەكانی  وولاتی ئیلام دادەنرێت كە هەر لە سەرەتای هەزارەی سێیەمی پێش زاین ببونی هەبووە.



وێنە–2–

دةقي ئةو تيكيستة ميخييةي كة باس لة هةلمةتة سةربازييةكانى سةرجؤني ئةكةدي ئةكات بؤ سةر ئيلام و

ئاوان جةند ناوجةيةكي تر

[1] Ibid, p.25-26
[2] Ibid, p.8

لەسەردەمی پاشا ریمۆش کوڕی بچووکی سەرجۆنی ئەکەدی کە بۆ ماوەی تەنها 9 سال فەرمانرەوایی کردووە 2315–2037پ.ز [1] ، کە بە کپ کردنەوەی راپەرین و یاخیبوونەکانی دژ بە دەسەلاتی ئەکەدی سەرقال بوو لە گشت ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی ئیمبراتۆریەتی ئەکەدی، یەکێك لەوناوچانەی کە سەربەخۆیی خۆی راگەیاندووە دژ بە دەسەلاتی ئەکەدی بریتیە لە ئیلام و ئاوان، کە لەهەندێك لە تێکستە مێخییەکان[2] زانیاری تەواومان بەدەست دەدات سەبارەت بە چۆنیەتی هەلمەتە سەربازییەکەی پاشا ریمۆش بۆ سەر ئیلام و هاوپەیمانەکانی کە تیایدا بەم شێوەی خوارەوە باسی ئەکات :

1) *rí-m[u-ú]ś*
2) LUGAL
3) K[I]Š
4) *in* REC 169
5) *a-ba-al-ga-maš*
6) LUGAL
7) *pá-ra-aḫ-śum*.KI
8) *iš*$_{11}$*-ar*
9) *ù*
10) *si-id-ga-ù*
11) GÌR.NITA-*śu*
12) ŠU.DU$_8$.A
13) *in ba-rí-ti*
14) *a-wa-an*.KI
15) *ù*
16) *śu-şi-im*.KI
17) *in* ÍD
18) *qab*$_X$(DA)-*lí-tim*
19) *ù*
20) *bí-ru-tám*
21) *in a-ša-ar* URU
22) *al-śu*
23) *íś-pu-uk*
24) *ù*
25) SUḪUŠ
26) *pá-ra-aḫ-śum*.KI
27) *in* KALAM
28) NIM.KI
29) *i-sú-uḫ-ma*
30) *rí-mu-úś*
31) LUGAL
32) KIŠ
33) NIM.KI
34) *i-be-al*
35) $^d$*en-líl*
36) *u-kál-lim*

ماناکەی :

دێری1–8 : ریمۆش پاشای جیهان بەزێنەری ئەبالگامێش پاشای پاراخشوم.

دێری 9–18: سیدگائو فەرماندەی سەربازی بەدیل گرت لەنێوان شاری ئاوان و سوسە لە کەناری رووباری قابلیتوم.

دێری 19–23 : سەرەرای ئەمەش لاشەی کوژراوانی وەك گرد بەسەریەکدا هەلدایەوە لە شارەکە

---

[1] غیث سلیم : أكد و اور الثالثة من النشأءة حتى السقوط ،ط1، دمشق ، 2011، ص69

[2] ئەو تیکستانەی بەدەستمان گەیشتوون بریتیە لە چەند دانەیەك کە وادیارە دووبارە لە سەردەمی بابلی کۆن نووسراونەتەوەو کۆپی کراونەتەوە. بۆ زانیاری زیاتر بروانە :

Frayne, D.: Sargonic and Gutian period , London,1993, RIME, Vol.2, p.56-59

دێری 24– 29: هەروەها بناغەی پاراخشومی وێران و ریشەکێشکرد لە زەوییەکانی ئیلام

دێری 30– 36 ریمۆش پاشای جیهان بەفەرمانی خواوەند ئینلیل بووە پاشای ئیلام

دێری 37–43 : سوێند بە خواوەندی ئوتو ( خواوەندی خۆر) و ئیلابا

ئەم زانیاریانە راستن و درۆ نیە.

دێری 45– 53: ئەوەی دەستکاری ئەم نووسینە دەکات، داواکارم لەخواوەند انلیل

و خواوەند ئوتو ( خواوەندی خۆر) دوابڕاوی بکات و نەوەکان لەناو ببات[1].

37) $^{d}$UTU
38) *ù*
39) *ìl-a-ba*$_4$
40) *ú-má*
41) *la sú-ra-tum*$_8$
42) *lu kí-ni-íś-ma*
43) *ša* DUB
44) *sú*$_4$*-a*
45) *u-sá-sà-ku-ni*
46) $^{d}$*en-líl*
47) *ù*
48) $^{d}$UTU
49) SUḪUŠ-*śu*
50) *li-sú-ḫa*
51) *ù*
52) ŠE.NUMUN-*śu*
53) *li-il-qù-tá*

---

1 Michalowski, P.: New Sources concerning the Reign of Naram-Sin, JCS, Vol.32, no.4, USA:1980, p.237-238.

تێکستیکی تری مێخی هەیە کە باس لەهەمان رووداو دەکات بەڵام بە کەمیك زانیاری زیاترەوە هەروەك لەخوارەوە دەیخەینە روو :

1) *rí-mu-úś*
2) LUGAL
3) KIŠ
4) *in* REC 169
5) *a-ba-al-ga-maš*
6) ⌈LUGAL⌉
7) *pá-ra-aḫ-śum*.KI
8) *iš*$_{11}$*-ar*
9) *ù*
10) *za-ḫa-ra*.KI
11) *ù*
12) NIM.KI
13) *in qab*$_X$(DA)*-lí*
14) *pá-ra-aḫ-śum*.KI
15) *a-na*
16) REC 169
17) *ip-ḫu-ru-ni-im-ma*
18) *iš*$_{11}$*-ar*
19) *ù*
20) 16,212 GURUŠ.GURUŠ

ماناکەی :

1–8 : ریمۆش پاشای جیهان بەزێنەری ئەبالگامێش پاشای پاراخشوم.

9–23: هەریەکە لە زاخارا ، ئیلام لە پاراخشوم کۆبوونەوە بۆ جەنگ ، بەلام ریمۆش بەسەریان دا سەرکەوت و 16212 سەربازی کوشت و 4216ی دەست بەسەر کرد.

21) *u-śa-am-qi*$_4$*-it*
22) 4,216 LÚ×ÉŠ
23) ŠU.DU$_8$.⌈A⌉
24) ⌈*ù*⌉ *e-maḫ*(?)*-si-n*[*i*]
25) LUGAL NIM.KI Š[U.DU$_8$.A]
26) *ù kà-la-ma*
27) x x x NIM.KI ŠU.DU$_8$.A
28) *ù si-id-ga-ù*
29) GÌR.NÍTA
30) *pá-ra-aḫ-śum*.KI
31) ŠU.DU$_8$.A
32) *ù*
33) *śar*-GA-PI
34) GÌR.NÍTA
35) *za-ḫa-ra*.KI
36) ŠU.DU$_8$.A
37) *in ba-rí-ti*
38) *a-wa-an*.KI
39) *ù*
40) *śu-śi-im*.KI
41) *in* ÍD
42) *qáb-lí-tim*
43) *ù*
44) *bí-ru-tám*
45) *in a-ša-ar* URU
46) *al*-⌈*śu*⌉*-nu*
47) *íś*-⌈*pu*⌉*-uk*

دێری 24–27: ئیماخسینی پاشای ئیلامم بەدیل گرت ، هەروەها گشت ( ......) ئیلامم بەدیل گرت.

دێری : 28– 31 : هەروەها سیدگائو فەرماندەی سەربازی پاراخشومم بەدیل گرت.

دێری 32–36 : هەروەها شار–گا–پی فەرماندەی سەربازی زاخارا

42−37 : لەنیوان شاری ئاوان و سووسە لەسەر کەناری رووباری نێوانیان بەدیل گرت.

47−43 : سەرەرای ئەمەش لاشەی کوژراوانی لە شارەکە وەك گرد بەسەریەکدا هەلدایەوە.

48) *ù*
49) URU.KI.URU.KI
50) NIM.KI
51) SAG.⌈GIŠ⌉.RA
52) *ù*
53) BÀD.BÀD-*śu-nu*
54) Ì.GUL.GUL
55) *ù*
56) SUḪUŠ
57) ⌈*pá-ra-aḫ-śum*.KI⌉
58) [*in* KALAM]
59) [NIM.KI]
60) [*i-sú-uḫ-ma*]

60−48: وە شارەکانی ئیلامی داگیرکرد و شورەی شارەکانی رووخاند ، هەروەك پاراخشومی وێران و ریشەکێشکرد لە زەوییەکانی ئیلام

61) [*rí-mu-úś*]
62) [LUGAL]
63) [KIŠ]
64) NIM.[KI]
65) *i-ḅe-al*
66) $^{d}$*en-líl*
67) *u-kál-lim*

67−61: ریمۆش پاشای جیهان ، بەفەرمانی خواوەند ئینلیل بووە فەرمانرەوای ئیلام.

68) *in śa-an-tim*
69) *śa-lí-íś-tim*
70) *ša-ti*
71) $^{d}$*en-líl*
72) *śar-ru*$_{x}$(URU×A)-*tám*
73) *i-dì-nu-śum*$_{6}$
74) ŠU+NÍGIN 9,624
75) GURUŠ.GURUŠ
76) *a-dì mi-qi*$_{4}$-*tim*

77−68 : لەسالی سێییەم کە خواوەند ئینلیل دەسەلاتی پاشایەتی پێم بەخشی ، کۆی گشتی ئەوانەی کە کوژراون و یان بەدیل گیراون بریتی بوو لە 9624 پیاو.

77) *a-dì* LU×ÉŠ
78) $^{d}$UTU
79) *ù*
80) *ìl-a-*$ba_4$
81) *ú-má*
82) *la sú-ra-*$tum_8$
83) *lu kí-ni-íś-ma*

78– 83: سوێند بە خواوەندی ئوتو ( خواوەندی خۆر ) و ئیلابا

ئەم زانیاریانە راستن و درۆ نیە.

84) *ì-nu*
85) REC 169
86) *ś*$u_4$*-a*
87) DÙL-*śu*
88) *i*[*b-ni*]*-ma*
89) *a-na*
90) $^{d}$*en-líl*
91) *śa-lí-mi-śu*
92) A.MU.RU

84– 92: لەماوەی ئەو جەنگەدا پەیکەرێکی خۆی درووست کرد و لە

پەرستگای خواوەند ئینلیلی دانا لە پێناو خۆشگوزەرانی ژیانی خۆی.

93) *ša* DUB
94) *ś*$u_4$*-a*
95) *u-śa-sà-ku-ni*
96) $^{d}$*en-líl*
97) *ù*
98) $^{d}$UTU
99) SUḪUŠ-*śu*
100) *li-sú-ḫa*
101) *ù*
102) ŠE.NUMUN-*śu*
103) *li-il-qù-tá*

93–103: هەر کەسێك دەستکاری ئەو نووسینە بکات هیواخوازم خواوەند

ئینلیل لە بناغەوە ریشەکێشی بکات و دوابراوی بکات.

104) *ma-na-ma*
105) MU
106) *rí-mu-úś*
107) LUGAL
108) KIŠ
109) *u-śa-sà-ku-ma*
110) *al* DÙL
111) *rí-mu-úś*
112) MU-*śu*
113) *i-śa-kà-nu-ma*
114) DÙL-*mi-me*
115) *i-qá-bì-ù*

104–115: هەرکەسێك ناوی پاشا ریمۆش بسڕێتەوەو ناوی خۆی لەشوێنی

لەسەر پەیکەری ریمۆش بنووسێت و بلێت ئەوە پەیکەری منە.

116) $^{d}$*en-líl*
117) *be-al*
118) DÙL *śu*$_{4}$*-a*
119) *ù*
120) $^{d}$UTU
121) SUḪUŠ-*śu*
122) *li-sú-ḫa*
123) *ù*
124) ŠE.NUMUN-*śu*
125) *li-il-qù-tá*
126) NITA
127) *a i-dì-na-śum*$_{6}$
130) *e* DU

116–130: هیواخوازم لە خواوەند ئینلیل ، خاوەنی ئەو پەیکەرە ، وە خواوەند ئوتو ( خواوەندی خۆر) لە بناغەوە ریشەکێشی بکات و دوابراوی بکات ، هیواخوازم هیچ نەوەیەکی لەپاش خۆی نەمینێت تا شوێنی بگرێتەوە ، هیواخوازم نەتوانێت لەپێش پەیکەری خواوەندە کەسییەکەی خۆی بروات.

131) 30 MA.NA
132) KÙ.GI
133) 3,600 MA.NA
134) URUDU
135) 300 IR$_{11}$ GÉME
136) *ì-nu*
137) NIM.KI
138) *ù*
139) *pá-ra-*⌈*aḫ*⌉*-śum*.KI
140) SAG.GIŠ.RA-*ni*
141) *u-ru-a-am-ma*
142) *a-na*
143) $^{d}$*en-líl*
144) A.MU.RU

131–144: لەوکاتەی هەلمەتی سەربازی بۆ سەر ئیلام و پاراخشوم ئەنجامدا ، بری 30 مەنا زێر ، 3600 مەنا زیو ، 300 کۆیلەی ژن و پیاوی لە ئیلام و پاراخشوم هێناو پێشکەشی خواوەند ئینلیلی کرد[1].

مانای گشتی تێکستەکە :

((ریمۆش پاشای جیهان بەزێنەری ئەبالگامێش پاشای پاراخشوم. هەریەکە لە زاخارا ، ئیلام لە پاراخشوم کۆبوونەوە بۆ جەنگ ، بەلام ریمۆش بەسەریان دا سەرکەوت و 16212 سەربازی کوشت و 4216ی دەست بەسەر کرد ، ئیماخسینی پاشای ئیلامم بەدیل گرت ، هەروەها گشت ( ......) ئیلامم بەدیل گرت. هەروەها سیدگائو فەرماندەی سەربازی پاراخشومم بەدیل گرت، شار–گا–پی فەرماندەی سەربازی زاخارا لەنیوان شاری ئاوان و سووسە لەسەر کەناری رووباری قابلیتوم بەدیل گرت ، لاشەی کوژراوان لە شارەکە

[1] - Frayne , D.: Sargonic and Gutian period , London,1993, RIME 2, pp.52-55

وەك گرد بەسەریەكدا هەڵدرابویەوە. شارەكانی ئیلامی داگیركرد و شورەی شارەكانی رووخاند، هەروەك پاراخشومم وێران و تەخت كرد لە وولاتی ئیلام .

ریمۆش پاشای جیهان ، بەفەرمانی خواوەند ئینلیل بووە فەرمانرەوای ئیلام. لەسالی سێییەم كە خواوەند ئینلیل دەسەلاتی پاشایەتی پێ بەخشیم، كۆی گشتی ئەوانەی كە كوژراون و یان بەدیل گیراون بریتی بوو لە 9624 پیاو. سوێند بە خواوەندی ئوتو ( خواوەندی خۆر) و ئیلابا ئەم زانیاریانە راستن و درۆ نیە. لەماوەی ئەو جەنگەدا پەیكەرێكی خۆی درووست كرد و لە پەرستگای خواوەند ئینلیلی دانا لە پێناو خۆشگوزەرانی ژیانی خۆی ، هەروەك دوعای لەو كەسە كردووە كە دەستكاری ئەو نووسینە بكات هیواخوازم خواوەند ئینلیل لە بناغەوە ریشەكێشی بكات و دوابراوی بكات ، یان هەركەسێك ناوی پاشا ریمۆش بسڕێتەوەو ناوی خۆی لەشوێنی لەسەر پەیكەری ریمۆش بنووسێت و بلێت ئەوە پەیكەری منە. هیواخوازم لە خواوەند ئینلیل ، خاوەنی ئەو پەیكەرە ، وە خواوەند ئوتو ( خواوەندی خۆر) لە بناغەوە ریشەكێشی بكات و دوابراوی بكات ، هیواخوازم هیچ نەوەیەكی لەپاش خۆی نەمینێت تا شوێنی بگرێتەوە ، هیواخوازم نەتوانێت لەپێش پەیكەری خواوەندە كەسییەكەی خۆی بروات.

سەرەرای ئەمەش پاشا لە كۆتایی تێكستەكەی شانازی بەوە دەكات كە دیاری زۆر گرنگی پێشكەش كردووە بە پەرستگای خواوەند ئینلیل كە تیایدا دەلێت : لەوكاتەی هەلمەتی سەربازی بۆ سەر ئیلام و پاراخشوم ئەنجامدا ، بری 30 مەنا زێر ، 3600 مەنا زیو ، 300 كۆیلەی ژن و پیاوی لە ئیلام و پاراخشوم هێناو پێشكەشی خواوەند ئینلیلی كرد))[1].

لەم دوو تێكستەی ریمۆش كە لەسەرەوە خستوومانەتەوە روو لە تێكستی یەكەمیان دەلێت فەرماندەی سەربازی سیدگائو لە كەناری رووباری قابلیتوم لە نوان شاری ئاوان و سووسە دەستگیركردووە ئەمەش وادیارە

[1] - Frayne , D.: Sargonic and Gutian period , London,1993, RIME 2, pp.52-55

دوای شکانی سوپای ئیلامی لەبەرامبەر سوپای ئەکەدی بووە. بەلام لە تنکستی دووەم ناوی سەرکردەیەکی سەربازی و شارێکی تر دەهنیت کە دەڵێت شارگاپی فەرماندەی سەربازی شاری زەخارا بەدیل گرتووە لە کەناری رووباری قابلیتوم لە نیوان شاری ئاوان و سووسە .

ئەم جیاوازییەش لە زانیارییەکان بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە چەندین تێکست دۆزراونەتەوە کە باس لە هەمان رووداو دەکەن هەندێکیان شکاون و زانیارییەکانیان پیچر پچرە بەلام هەندکیان ساغ ونەشکاون و زانیاری تەواو ئەدەن ، هەروەك نابێت ئەوەمان بیربچێت کە هەندك لە تێکستەکان لەسەردەمی بابلی کۆن دووبارە نووسراونەتەوە و کۆپیکراونەتەوە لەسەر نوسخەی کۆنتر.

بە وورد بوونەوە لەم تێکستە مێخییەی ریموش زانیاری زۆر ووردمان بۆ دەردەکەوێت لەسەر زۆرێك لە شار و بنکە شارستانیەتەکانی وولاتی ئیلام لە لایەك ، هەروەها زانینی ناوی کەسایەتی و سەرکردە ئیلامییەکان و یەکگرتنیان دژی فراوانخوازی و هەلمەتی ئەکەدییەکان لە لایەکی ترەوە ، ئەمە جگە لەوەی کە لە زانیارییەکانی ناو ئەو تێکستە بۆمان دەردەکەوێت کە وولاتی ئیلام زۆر دەولەمەند بووە بە زێر و زیو بەردی بەنرخ کە پاشا ریمۆش شانازی پێوە کردووە بەوەی برێکی زۆر لە زێر و زیو و هەروەها کۆیلەی هێناوەتەوە بۆ وولاتی ئەکەد و پێشکەشی خواوەند ئینلیلی کردووە. هەروەها لەچەند نووسینێکی تری مێخی بۆمان دەردەکەوێت کە ریمۆش لەدوای هەلمەتە سەربازییە سەرکەوتووەکەی سەر ئیلام چەندین کەل و پەلی درووست کراو لە بەردی بەنرخ پێشکەش بە هەریەکە لە پەرستگای خواوەند ئینلیل و خواوەند سین ، خواوەند ئوتو ( شەمەش) پێشکەش کردووە[1].

[1] بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی تیکستە میخییەکان بگەرێوە بۆ :
Frayne , D.: Sargonic and Gutian period , London,1993, RIME 2, pp.60-69

هەرچی لە سەردەمی پاشا مانشتوسو کە براگەورەی ریمۆش بوو، بۆ ماوەی 15 سال فەرمانرەوایەتی کردووە[1]، لە یەکێك لە نووسینەکانی ئەم پاشایە باس لە شەرێکی گەورە دەکات دژ بە وولاتی ئیلام وشیریخوم ( شیراز) کە تیایدا دەلێت سی و دوو پاشا یەکیان گرتووە لە وولاتی ئیلام دژ بەدەسەلاتی مانشتوسو ، کە تیایدا دەلێت:

" هەلمەتێکی سەربازیم دژیان کردووە کە بە کەشتی لە رێگەی کەنداوی فارسەوە کە گەیشتمەجێ لە کاناراوەکان پاشای 32 شاری بۆ ئەوەی لە دژی من بجەنگن ، بەلام توانیم بەسەریاندا زال بم  پاشاکانیان و لەدەسەلات بهێنمە خوارەوە ، هەروەك دەلێت لەم هەلمەتە سەربازییەدا توانیتم برێکی زۆر لە زیو و بەردی رەشی دایۆرایت لە قولایی چیاکان دەربهێنم و بەکەشتی بیگوازمەوە بۆ مینای شاری ئەکەدی پایتەخت"[2].

شایانی باسە لە شاری سووسەی پایتەخی ئیلامی پەیکەریکی بەردین دۆزراوەتەوە کە بۆ  پاشا مانشتوسو دەگەرێتەوە ، کە لەسەر پەیکەرەکە نووسراوێکی مێخی هەیە کە لەلایەن حاکمی شاری ( ئاشیم) ی ئیلامی بۆ تەمەن درێژی پاشا مانشتوسو نووسراوە کە تیایدا هاتووە :

" لەپێناو ژیانی گەورەم پاشا مانشتوسو"[3]

بەهەمان شێوە پەیکەرێکی تریش لە شاری سووسە دۆزراوەتەوە کە بۆ ئەم پاشایە دەگەرێتەوە کە لەسەری نووسراوە "ئیشپوم خزمەتکاری مانشتوسو " ئەم پاشماوە شوێنەواری و بەلگە نووسراوانە تێکستە مێخیەکەی شایەتی ئەوە دەدەن کە لەسەردەمی ئەم پاشایە بەلایەنی کەمەوە سووسە و زۆرێك لە شارە ئیلامیەکان سەر بە دەسەلاتی ئەکەدی بوون[4].

---

[1] ليو اوبنهايم، بلاج مابين النهرين ، تر: سعدي فيضي عبدالرزاق، بغداد، 1981،ص443.

[2] Frayne , D.: Sargonic and Gutian period , London,1993, RIME 2, p75-77

[3] جورج روو : العراق القديم ، تر: حسين علوان حسين ، الموصل، 1979،ص214

[4] Frayne , D.: Sargonic and Gutian period , RIME 2, p82

لەسەر بنەمای ئەو زانیارییانەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە حاکمی شاری پاشیمی ناوی ( ایلشو-رابی / ilšu-rabi) ، هەروەها حاکمی ئیلام ناوی ( ئیشپوم – ešpum) بووە کە هەردووکیان سەر بەدەسەلاتی مانشتوشو بوونە.

پسپۆران پێیان وایە خیلو – ḫelu لەسەردەمی ریمۆش دا پاشای مەملەکەتی ئاوان بووە[1].

دەقەمێخییەکانی سەردەمی پاشا نەرامسین (2291–2255پ.ز)[2] ئاماژە بەوە دەکەن کە توانیویتی گشت زەویەکانی ئیلام داگیربکات[3]. هەروەك خۆی ناوزەند کردووە بە فەتح کردنی زەوییەکانی ئەرمانۆم ، ئیبلا ، ئیلام[4]. لەدەقێکی مێخی پاشا نەرامسین دەلێت :

ša-pi-ir ... KALAM NIM$^{KI}$ ka-li-ša-ma a-di$_2$-ma -ba-ra-aḫ-ši$^{KI}$ u KALAM šu-bar-tim$^{KI}$ a-di GIŠ.TIR GIŠ.EREN

گشت وولاتی ئیلامم داگیرکرد.... لە باراخشیەوە تا سوبارتو لەوێشەوە تا دارستانەکانی ئرز.[5]

ئەم دەربرینەی نەرامسین ئەمە راستیە دەردەخات کە گشت ناوچەکانی ئیلام و باکوری میسۆپۆتامیاو وولاتی شامی خستۆتە ژێر رکێفی خۆیەوە . بەڵام ئەم دەست بەسەرداگرتنەی نەرامسین بۆ ئیلام بە لایەنی

[1] Hinz, W.: the lost word of Elam, London,1972, p.74-75

[2] جورج روو : العراق القديم ، ص214.

[3] Elizabith, C. : Op.cit, p.14

[4] Tinney, S.: ‘A new look at Naram-Sin and the “Great Rebellion”’, (USA: 1995), JCS, Vol. 47,p. 1–14.

[5] Selz, G.J.: “‘Elam’ Und ‘ Sumer’”- Skizze Einer Nachbarschaft Nach Inschriftlichen quellen der vorsargonischen Zeit, RAI, Vol. 34 , 1991, p.42

کەمەوە بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ بووە، واتە ئیلام لەلایەن چەند حاکم و کاربەدەستێکی ئیلامی بەڕێوەدەبرا بەلام لەژێر دەسەلاتی ئەکەدییەکان بوو ، بەڵگە شوێنەواری و تێکستە مێخییەکان پشت راستی ئەم بۆ چوونە دەکەنەوەن لە سەرەتاکانی دەسەلاتی نەرامسین کە سێك بە ناوی( ئیپر–موبی / Epir-Mubi ) فەرماندەی سەربازی ( گیرنیتا / $GIR_3.NITA_2$ )[1] ئیلام و حاکمی شاری سووسە ناوی هاتووە[2]، ئەمە لە وکاتەی کە خیلو پاشای مەملەکەتی ئاوان بووە[3].

هەروەها تێکستێکی تری مێخی کە لەسەر رووی قاپێك نووسراوە و بۆ کۆتاییەکانی سەردەمی نەرامسین دەگەرێتەوە کەسێك بەناوی (ئیلی–ئیشمیئانی / ili-išmi'ani) وەك فەرمانەدەی سەربازی (گیرنیتا / $GIR_3.NITA_2$ )ی ئیلام ناساندووە. لەکاتێکدا کە خیتا – ḫita پاشای مەملەکەتی ئاوان بووە[4].

بەگشتی لەبەر رۆشنایی زانیارییەکانی ناو تێکستە مێخییەکان پەیوەندی ئیلام لەگەل وولاتی دوو رووبار لەسەردەمی نەرامسین پەیوەندییەکی ئاشتیانە و دراوسێیانە بووە بە بەراوورد لەگەل پاشاکانی پێش خۆی. کە تیایدا دەسەلاتی سیاسی ئیلام لەژێر فەرمانرەوایەتی مەملەکەی ئاوان بووە لە سەردەمی خیتا کە پاشای یازدەهەمی مەملەکەتی ئاوانە هاو سەردەم بووە لەگەل نەرامسین ، زانیارییەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە خیتای مەملەکەتی ئاوان لە سالی 2280 پ.ز پەیمانامەیەکی لەگەل نەرامسینی پاشا ئەکەد بەستووە، کە بەیەکەمین پەیماننامە دادەنرێت لەمێژووی مرۆڤایەتی دادەنرێت کە لەنێوان مەملەکەتێکی وولاتی دوو

---

[1] $GIR_3.NITA_2$ : ووشەیەکی سۆمەرییە هاو واتاکەی لە زمانی ئەکەدی پێی دەلێن (شەکاناککو– šakkanakku) کە بەواتای سەرلەشکر یان فەرماندەی سەربازی سوپا دێت ( حاكم عسكري). بۆ زانیاری زیاتر بروانە :
Bringman, j. and Others, Chicago Assyrian Dictionary, CAD, vol.Š1 , p.170
[2] Hinz, W: "Elams Vertrag mit Naram-Sîn von Akkade," 1967, ZA 58, pp.66-96..
[3] Cifuentes, E. Q.: Historia de Elam, El Vecino Mesopotamico, Murcia, 1997, P.20
[4] Frayne, D.: Op.Cit, RIME, Vol.2, p.303

رووبار (ئەکەد) لەگەڵ مەملەکەتێکی دەرەکی ( مەملەکەتی ئاوان) ببەسترێت[1]. ئەم پەیماننامەیە بەزمانی ئیلامی و نووسینی مێخی نووسراوەتەوە لەسەر هەردوو رووی تاتە قورێك[2].

دەقی ئەو پەیماننامەیەش لە پەرستگای خواوەند ئین–شوشیناك / IN-Šušinak ی لە سووسەی پایتەخی ئاینی ئیلام دانراوە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر گرنگی و بە نرخی پەیماننامەکەیە کە لەنێوان ئەم دوو مەملەکەتە بەستراوە، کە تیادا هاتووە نەرامسین پاشای ئیمبراتۆریەتی ئەکەدی خۆی و داروودەستەکەی هاتوونەتە سووسە بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەم پەیماننامەیە لەگەڵ خیتای پاشای مەملەکەتی ئاوان ، لەو پێناوەش پەیکەرێکیان بۆ نەرامسین درووست کردووە و لە پەرستگای خواوەند ئین شوشیناك دانراوە بۆ مەبەستی تەمەن درێژی پاشا نەرامسین[3].

یەکێك لە گرنگترین هۆکارەکانی بەستی ئەو پەیماننامەیە لەنێوان مەملەکەیت ئەکەدی و مەملەکەتی ئاوان بریتی بووە لە هەولی نەرامسین بۆ دوورخستنەوەی دەسەلاتی سیاسی و سەربازی مەملەکەتی ئاوان لە گووتیەکان کە لە ناوچە چیاییەکانی باکوری ئیلام لە هەمەدان دەریاچەی ورمێ تا دەگاتە ناوچەکانی سلێمانی بلاوببونەوە[4]. بەداخەوە بەشی زۆری دەقە مێخییەکەی کە باس لەو هاوپەیمانیەتە دەکات شکاوە بەلام لەگەڵ ئەوەشدا زانیاری زۆر گرنگی تیا هاتووە ، کە لەسەرەتای دێرێکی شکاوە هەیە کە تیایدا هاتووە :

---

[1] یوسف مجید زاده، تاریخ و تمدن ایلام ، تهران ، 1370 ھ ، ص8–9

[2] سامي سعيد الأحمد ، العراق القديم ، ج2، بغداد،1983،ص36.

[3] أحمد عبدالرحمن عابدين محمد حسان، المعاهدات الدولية ن دراسة في تأريخ العراق القديم في الألفين الثالث والثاني قبل الميلاد، اطروحة دكتوراه ، جامعة الزقازيق، 2006، ص137

[4] گوتییەکان: بە یەکێك لە نەتەوە کۆنەکانی زاگرۆس ناسراون لە دەوروبەری 2200پ.ز توانیان هێرش بکەنە سەر دەولەتی ئەکەدی و لەناوی ببەن بۆ ماوەی زیاتر لە سەدەیەك فەرمانرەوایەتی وولات بکەن. بۆ زانیاری زیاتر بروانە :
جمال رشید ، تأريخ الكرد القديم ، أربيل ، 1990، ص ص 53–66.

" من (خیتا) هەولدەدەم شەرانگێزی و خراپەکاری لە زەوییەکانی ئەکەد دەربکەم"[1]

هەروەها لەسەرەتای ئەو پەیماننامەیە ناوی خواوەندەکان هاتووە ، کە نزیکەی ناوی 37 خواوەند هاتووە، وەك خواوەند (پینیکر ، خوبان ، ناخونتێ ، ئین –شوشیناك ، شیموت، خوربی ، خوتران، نارونتێ ، ئامال ، ئەنکاراك، .... هەروەها خواوەند نەنورتا کەوەك تاکە خواوەندی بیانی ( واتە دەرەوەی ئیلام) ناوی لە پەیماننامەکە هاتووە[2].

هەروەها لەبرگەیەکی تری تێکستە مێخییەکە هاتووە :

( تەنانەت پاشاکانیش دەنگیان دەخەنە پال خواوەندەکان)

هەروەك لە برگەیەکی تر لە ستوونی دەم لە تێکستەکە هاتووە :

" پاشا دەبێت بەوەفا بێت بۆ خواوەندی خۆر ( ناخونتێ)

پاشا دەبێت ملکەچی خواوەند ئین–شوشیناك بێت[3].

ئەم زانیارییەی سەروە ئەو راستیەمان بۆ دەردەخات کە پاشا نەرامسین دەبێت دان بەگەورەیی خواوەند ئین–شوشیناك بنێت ، هەر ئەمەشە وایکردووە کە پەیکەری خۆی لە پەرستگای ئەم خواوەندە لە سووسە دابنێت.

---

[1] لە راستیدا ئەم دێرە شکاوە و ناوی پاشا(خیتای) تیا دەرناکەوێت بەلام توێژەر جی. کامیرۆن بە یەکەمین کەس دادەنرێت کە ئاماژەی بۆ ناوی خیتا پاشای مەملەکەتی ئاوان کردووە کە خاوەنی ئەو پەیماننامەیە لەگەل نەرامسین لە 2280پ.ز واژووی کردووە. بۆ زانیاری زیاتر بروانە :

Hinz, W.: the lost word of Elam, London,1972, p.75.

[2] Cameron, G. G.: history of Early iran, New york, 1962, 35

[3] Hinz, W.: the lost word of Elam, London,1972, p.76,

لە ستوونی سێیەمی نووسینە مێخیەکە لەسەر زاری پاشا خیتای ئاوانی هاتووە :

" دوژمنەکانی نەرامسین دوژمنی منن، دۆستەکانی نەرامسین دۆستی منن"[1]

وادیارە پاشای ئەکەدی نەرامسین زۆر متمانەی بە لایەنی دووەمی پەیماننامەکە ( مەملەکەتی ئاوان) نەبووە، لەبەر ئەوە بۆ مەبەستی زامنکردن و دلنیایی وەرگرتن لە جێبەجێکردنی پەیماننامەکە چەندین کەسی نزیك لە پاشا خیتای مەملەکەتی ئاوان وەك بارمتە لەگەل خۆی بردووە بۆ شاری ئەکەد[2].

لە ئەنجامی ئەم زانیارییانەی کە لە ناو تێکستە مێخییەکەی تایبەت بە پەیماننامەکە بە دەستمان گەیشتوون بۆمان دەردەکەوێت کە خیتا پاشای ئاوان سەر بە دەسەلاتی ئەکەدی بووە ، ئەمەش بە بەلگەی :

1- سوێند خواردنی خیتا بەوەی کە دوژمنەکانی نەرامسین دوژمنی منن ، دۆستەکانی نەرامسین دۆستی منن ، بەلام لەبەرامبەردا هیچ دەربرینیکی لەم جۆرەی نەرامسین بۆ خیتا نیە .

2- بەبارمتە بردنی هەندێك لە کەسایەتی گرنگی ئیلامی رەنگە ( خزم و کەسە نزیکەکانی پاشا خیتا) بۆ ئەکەد و وەك زەمانەتێك و کارتێکی فشار لەسەر خیتا بۆ ئەوەی بە ناچاری پابەندی هاوپەیمانیەتەکە بێت بە پێچەوانەوە ژیانی کەسە نزیکەکانی خۆی ئەخاتە مەترسیەوە.

ئەم کارەش بەیەکەمین هەوالی بردنی بارمتە دێت بۆ دلنیای وەرگرتنی لایەنی یەکەم لە پیناو پابەندبوونی لایەنی دووەم بە رێککەوتنی نێوانیان[3].

---

[1] یوسف مجید زادە، تاریخ و تمدن ایلام ، تهران ، 1370 ھ ، ص8

[2] أحمد عبدالرحمن عابدین محمد حسان، مصدر سابق ، ص137.

[3] محمد سیاب محان ، مصدر سابق ، ص71

لەدێری دوازدەهەم لەسەر زاری خیتای پاشای ئاوان هاتووە :

" وەك پالپشتییەك بۆ نەرامسین قوربانیم پێشکەش بە خواوەند –ئینشوشیناك کردوە بۆ ئەوەی نەفرەت و نەعلەتی خواوەند بەهەرکەسێك بکەوێت کە بیەوێت دەقی ئەو هاوپەیمانییەتە لە پەرستگا دەربێنێت یان بدزێت"[1].

لەکاتی دانان بە هاوپەیمانیەتەکە بە شێوەیەکی فەرمی پاشا نەرامسین خۆی هاتووەتە سووسەی پایتەختی ئاینی ئیلامی ، لەرێگەی وەزیر و کاهنی تایبەتی خۆیەوە( شادریش تەکال – Šadriš-takal) پەیکەرێکی خۆی لە پەرستگای خواوەند ئین–شوشیناك داناوە ن بۆ مەبەستی تەمەن درێژی و سەلامەتی پاشا نەرامسین[2]. ئەم کارەش وایکرد کە مەملەکەتی ئاوان و هاوپەیمانەکانی واجب بێت لەسەریان بەرگری لە نەرامسینی هاوپەیمانیان بکەن کە لە برگەیەکی تێکستەکە هاتووە :

تەنانەت وارخاشی (مارخاشی) و هاوپەیمانەکانی ئیلام پێویستە لەسەریان بگەرێنەوە ژێر دەسەلاتی پاشای ئەکەد ، ئەو پاشایەی کە هەلسا بە قۆلبەست کردنی پاشا خوپشوم–کیمبی....، هەروەها هەمان چارەنووس چاوەرێی فەرمانرەوا یاخیبووەکانی ناوچەی چیاکان لە باکوری رۆژئاوای ئیلام دەکات، لەوانە فەرمان رەوای ئارمان ، بەتایبەتی ساتوونی پاشای لولوبی[3].

لە پێناو پتەوکردنی زیاتری هاوپەیمانەتیەکە پاشا خیتای مەملەکەتی ئاوان کچی خۆی داوەتە نەرامسین ، ئەمەش لە بەشێکی هاوپەیمانەتیەکە هاتووە کە پاشا نەرام–سین دیاری زۆری بەخشیوە بە خیتای

---

[1] والتر هینتس، دنیای گمشده ایلام، ترجمه: فیروز فیروزنیا، تهران،1371ش، ص81.

[2] ئەم کارەی نەرام سین بەرامبەر بە خواوەند ئین –شوشیناك گەورە خواوەندی ئیلامی بریتیە لە دانان بە گەورەیی و مەزنی و دەسەلاتی ئەم خواوەندە.

[3] Hinz, W.: Op.Cit, P.76-77

پاشای مەملەکەتی ئاوان ، ئەم دیارییەش بریتی بووە لە دیاری ( مارەیی) هاوسەرگیریی[1] . هەروەها لەسەر زاری خیتای ئاوانی هاتووە :

" دیارییەکەم لە نەرامسین وەرگرت، هەرلەبەرئەمەشە نەتەوەی ئیلام گشتیان بەرگری لە نەرامسین دەکەن"[2]

هەروەها لە برگەیەکی تری هاوپەیمانیەتەکە هاتووە کە پاشای ئاوان ئاواتە خوازە منالێکی لە خێزانەکەی ( کچەکەی خیتا) ببینێت بۆ ئەوەی ببێتە میراتگری تەختی پاشایەتی لە ئەکەد کە تیایدا هاتووە :

" ئایا دەکرێت خێزانەکەت نەوەی تۆی ببێت.

دەمەوێت نەتەوەکەت دلخۆش بێت"[3].

لە کۆتاییدا لە زانیارییەکانی ناو ئەو پەیماننامەیە بۆمان دەردەکەوێت کە لایەنی ئەکەدی مەرجی زۆر زیاتر سەپاندووە بەسەر لایەنی ئیلامی ئەمەش رەنگە ئەنجامدانی ئەو پەیماننامەیە لەدوای سەرکەوتنی لایەنی ئەکەدی بت بەسەر لایەنی دووەم ( مەملەکەتی ئاوان) هەر بۆیەش بەم جۆرە دارێژراوە.

ئەم پەیماننامەیە لەپال ئەوەی زانیاری مێژوویی زۆر گرنگی تیا هاتووە ، هەروەها بەسەرچاوەیەکی گرنگی وەرگرتنی زانیاری دەربارەی زمانی ئیلامی دادەنرێت[4]. دەقی تێکستی مێخی ئەم پەیماننامەیەش لە مۆزەخانەی لۆڤەر پارێزراوە[5].

کوتیك –ئین شوشیناك ( پۆزۆر –ئین –شوشیناك)[1] برای خیتای پاشای ئاوان بووە بووە لە ماوەی 2240–2220پ.ز فەرمانرەوایەتی کردووە ، وە حاکمی شاری سووسە بووە لە سەردەمی پاشا نەرامسین[2].

---

[1] سامي سعيد ألأحمد ، رضا جواد الهاشمي ، تأريخ الشرق الأدنى القديم ايران و الآناضول، بغداد،1985،ص54.

[2] محمد سياب محان ، مصدر سابق، ص73

[3] محمد بيومي مهران، "تاريخ العراق القديم" في مصر والشرق الآدنى ، الأسكندرية ،1990،ص149.

[4] سعاد عبدالجبار على، مصدر سابق ، ص248.

[5] Hinz, W.: Op.Cit, p.75.

بەڵام هەندێك لە توێژینەوەكان ئاماژە بۆ ئەوە ئەكەن كە ئامۆزای پاشا خیتا بووە، هەروەك پۆزۆر–ئین شوشیناك خۆی لە یەكێك لە نووسینەكانی خۆی دەلێت كوری شیمبی –ئیشوكم[3]. هەرچۆنێك بێت كوتیك ئین شوشیناك بە بەهێزترین و بەناوبانگترین پاشاكانی مەملەكەتی ئاوان دادەنرێت[4]. كوتیك–ئین شوشیناك هەر لەسەرەتاوە وەك فەرماندەیەكی سەربازی بەهێز دەركەوتووە لە سووسە ، لەوكاتەی كە خیتای برای پاشای ئاوان بوو ، لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەكانی دەولەتی ئەكەدی و مەملەكەتی ئاوان چەندین هەلمەتی سەربازی ئەنجامداوە بۆ سەر هەریەكە لە ناوچە چیاییەكانی باكوری رۆژئاوا ، توانی یاخیبوون و راپەرینەكانی ناوچەكانی كیماش و خورتی دژ بە دەسەلاتی ئەكەدی دابمركێنیتەوە[5]. بەهەمان شوە بەفەرمانی نەرامسین بە كپ كردنەوەی یاخیبوونەكانی هەریەكە لە شارەكانی خوپشانا لە ئیلام و خوخنوری و شیلوان و موتوران[6]. هەروەها توانیویەتی هەلمەتی سەربازی بۆ ناو جارگەی وولاتی گووتییەكان ئەنجام بدات[7].

بەهاتنی پاشا شاركەللی شاری بۆ سەر تەختی ئەكەد 2206–2181پ.ز ) كۆتیك ئین –شوشیناك زۆر زیاتر دەسەلاتەكانی خۆی فراوان كرد و توانی سووسە و ئەنشان بەتەواوەتی بخاتە ژێر ركێفی خۆیەوە ، پاشان سنووری مەملەكەتی ئاوانی فراوان كرد تا گەیشتە سیماشكی لە بەشی رۆژهەلاتی سووسە ، بەلام لە

---

[1] ناوە بنەرەتیە ئیلامیەكە بریتیە لە كوتیك –ئین شوشیناك بەڵام لە تێكستە ئەكەدییەكان بە پۆزۆر ئین –شوشیناك/ Puzur-En-Šušinak) ئاماژەی بۆ كراوە كە ناوەكەی بە مانای ( نهێنی خواوەند ئین –شوشیناك) دێت. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر مانای ناوەكە بروانە :

رينيه لابات ، قاموس العلامات المسمارية ، ترجمةالأب البير ابونا و آخرون، مطبعة المجمع العلمي ، بغداد، 2004، ص53

[2] سامي سعيد الأحمد و رضا جواد الهاشمي: مصدر سابق ، ص54–55

[3] Cameron, G.G. : Op.Cit., p.36

[4] محمد ابوالمحاسن عصفور، معالم تأريخ الشرق الأدنى القديم من اقدم العصور الى مجيء الاسكندر، بيروت،د.ت،ص 402–403

[5] Stienkeller, P.: the birth of Elam in history, the Elamite world,routledge, new york,2017, p.126

[6] سعاد عبدالجبار علي، مصدر سابق ، ص251

[7] سامي سعيد الأحمد و رضا جواد الهاشمي: مصدر سابق ،ص55

بەشی رۆژئاوا گەیشتە باکوری بابل. ئەم پاشایە بە دواهەمین پاشای بنەماڵەی دووەمی ئاوان دادەنرێت[1] ، چەندین دەقی تێکستی مێخی لەدوای خۆی بەجێهێشتووە ن سەرەتا تێکستەکان بە زمانی ئەکەدی نووسیوە بەڵام لە قۆناغەکانی دواتر تێکستەکانی بە زمانی ئیلامی نووسیوە وەك زمانی فەرمی مەملەکەتی ئاوان بەکاریهیناوە، ئەمەش بەواتای بەدەست هێنانی سەربەخۆی و رزگاربوون لەژێر هەژموونی دەسەلاتی ئەکەدی لەسەردەمی شارکەللی شاری[2]. ئەم پاشایە لە نووسینەکانی خۆی چەندین نازناوی مەزن و گرنگی داوەتە پال ناوی خۆی لەوانەش " پاشای وولات ، هەلبژاردە ( المختار) ، سەرکەوتوو ( المنتصر ) ، پاشای بەهێز ، پاشای چوارلاکانی جیهان ، پاشای ئاوان " ، ئەمانەش بەلگەیە لەسەر بەهێزی ئەو پاشایە و فراوانای سنووری دەسەلاتی مەملەکەتی ئاوان لەسەردەمی خۆیدا پیشان دەدات[3].

هەندێك لەسەرچاوەکانی وا پیشان دەدەن کە پوزور ئین شوشیناك بۆ ماوەیەکی زۆر فەرمانرەوایەتی کردووە تەنانەت دوای رووخانی دەولەتی ئەکەدی لەسەر دەستی گووتیەکان، هەر مابوویەوە لە سەرتەختی پاشایەتی مەملەکەتی ئاوان، هەروەك ئاماژە بە مانەوەی ناوچەکانی باکوری بابل لەژێر دەسەلاتی مەملەکەی ئاوان دەکەن لەو کاتەی ئوتو حیکال فەرمانرەوایەتی شاری وەرکای ئەکرد[4]. هەندێك لە توێژەران مێژوویەکی تازەتر ئەدەبن بە پوزور ئین –شوشیناك و ئەلێن هاوسەردەم بووە لەگەل گودیا و ئورنەممۆ ، بەلام ئەمەیان هیچ بەلگەیەکی زانستی و پاشماوەی شوێنەواری و نووسینی مێخی نیە تا ئەو بۆ چوونە پشت راست بکاتەوە[5].

بکاتەوە[5].

---

[1] Potts, T.: Op.Cit, p.122
[2] Cameron, G. G., Op.Cit, p.36-37.
[3] Javier alvarez - mom " Puzur-Inšušinak", the last king of akkad text, p173
[4] حمید رضا قشقایی ، بازنگری در تاریخ ایلام ( دوران أوان) ، مجله کندوکاو ، شماره 11 ، تهران، 1399، ص222
[5] هەمان سەرچاوە ، ص222

وادیارە دوای ئەوەی گووتیەکان سەرکەوتووبوونە لە رووخاندنی دەولەتی ئەکەدیو داگیرکردنی بەشێکی زۆری ووولاتی دوو رووبار توانیویانە لەو دیوی زاگرۆسیشەوە هێرش بکەنە سەر مەملەکەتی ئاوان و ئەویش بروخێنن بەم جۆرەش هەوالی پۆزۆر ئین شوشیناك دوا پاشای بنەمالەی ئوان کۆتایی دێت و مەملەکەتی ئاوانیش دەرووخێت[1].

[1]Stienkeller, P.: Op.Cit, p 126